# سوتاندنی ئارامی

یونس حەمەد ڕەشید

ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی لە زاخۆو دەوروبەری، زەنگێکی مەترسی گەورەیە لە سەر ئەزمونی هەرێم و ئەو ئاشتی و ئارامییەی کە کوردستان پێی دەنازێ لە ناوچەکە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەم پشێوی و توندوتیژییە ناکرێت ڕوونکردنەوەیەکی ساکارانەی بۆ بکرێت، بەڵکو کۆی ڕوداوەکان بریتیە لە تەقینەوەیەکی بچووکی ناخی جەماوەر کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان و سەدان قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاینیی سەرچاوەی گرتووە، یان دەکرێت بڵێین دوبارەبونەوە و بەردەوامبوونی ١٧ی شوباتە بەڵام ئەمجارەیان لە ناوچەی زەرد، کە زۆر کەس پێیان وابوو دورگەیەکە لە هێمنی و ئاسایش.

ئەم ڕووداوانە دەبێت لە گۆشەنیگای جیاواز سەیربکرێت و کێشەکە زۆر فراوانترە لە ململانێی حزبایەتی و تائیفی، یان دەستێکی دەرەکی و پیلانێکی ناوخۆ، حزب و لایەنەکان هەر یەکەو بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی ئەوی تر تۆمەتبار دەکاو ڕونکردنەوەی تایبەتی خۆی بۆ ڕوداوەکان دەدۆزێتەوە.

بە هەرحاڵ ئەوەی بە زەقی سەرنج دەدرێت لە دوای ئەم ڕوداوانە ئەوەیە کەوا هەست دەکەیت ئەم کێشەیە تەنیا ناکۆکی نێوان چەند حزبێکەو بەس، تێکرای هەواڵەکان باس لە لق و مەڵبەند و کادر و ئەندامانی حزبی دەکەن، وەک ئەوەی ژیان گەڕابێتەوە سالانی نەوەتەکان، نە حکومەت نە پۆلیس و نە هیچ لایەنێکی ڕەسمی ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن جگە لە بەیان و پەیامی فەرمی نەبێت کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێتەوە کە ئەویش تەنیا قسەی بێ کردەوەیە.

پێش تۆمەتبار کردنی هەر کەس و لایەنێک پێویستە ڕەوشەکە وەک خۆی لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، جێی ئاماژە پێکردنە کە بگوترێت هێرشکردن و سوتاندنی دوکانی مەیفرۆشی و سەنتەری مەساج کارێکی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕییە، وە دوورە لە هەر بەهایەکی شارستانی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناکرێت مۆڵەت بدرێت بە هەر کەس و لایەنێک کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی مەیخانە و مەساج لە هەر شوێنێکی بیانەوێت بیکەنەوە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ بەهاو دابونەریتێکی زۆرینەی هاوڵاتییانی کوردستان.کردنەوەی سەنتەرێکی مەساج لە شارۆچکەیەکی وەک زاخۆ یان هەر شوێنێکی تری بچووکی کوردستان ئاساییە ببێتە ئەو دڵۆپەیەی کە جام پڕ دەکات و لێی دەڕژێت، بەتایبەتیش لە کاتێکی وەک ئەمڕۆ کە دەبینین زۆربەی خۆپیشاندان و شۆڕشەکانی وڵاتانی بەهاری عەرەبی مۆرکێکی ئاینییان پێوە دیارە، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین تەنانەت لە شارێکی لیبرالی وەک سلێمانیش خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا ئەگەرچی بزوتنەوەی گۆڕانیش وروژاندبوی بەلام تێکەڵاوی هوتافی الله و ئەکبەر و نوێژی جەماعەت بوو.

ئاسایش و ئارامی هەرێم بە تایبەتی لە دەڤەری بادینان بەرپرسیاریەتی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی پارتی دایە، سەرهەڵدانی ڕوداوەکەو دواتریش سووتاندنی بارەگاو دەزگاکانی یەکگرتوو، کە پارتی خۆی لێبەرپرس نازانێت،سیگنالێکی بەهێزەو ئەوە دەگەیەنێت کە حزبێکی بە نفوزی وەک پارتیش کۆنترۆڵی تەواوی شارۆچکەیەکی وەک زاخۆی پێناکرێت، کۆی ڕوداوەکان ئەم ڕاستییەش پێشاندەدات کە سەردەمی دووجەمسەری کەسک و زەرد بەسەرچووەو هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی ناتوانێت خۆی بە خاوەن و حاکمی موتلەقی هیچ شوێنێک بزانێت، هەروەها هیچ ناوچەیەک بە بارەگای گەورەو بۆیاغکردنی بە ڕەنگێکی تۆخی زەرد یان کەسک نابێت بە مولکی ئەم گروپ و ئەو حزب، بەڵکو بە چالاکی و خزمەت و دابەشکردنی سامانی گشتی بە یەکسانی دەتوانن دڵ و دەنگی جەماوەر بۆ خۆیان ڕابکێشن،وەک چارەسەرێکیش بۆ ئەم ڕەوشە هەڵچووە و بۆئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم متمانەی خۆی لای خەڵکی کوردستان بپارێزێت، پێویستە لەماوەیەکی کورتدا بتوانێت لێکۆڵینەوە و بەدواداچونێکی جددی و بێلایەنانە بۆ کێشەکە بکات و پەلامەردەرو تێکدەرانی هەردوو ڕووداوەکە ڕادەستی دادگا بکرێن و بە سزای خۆیان بگەن، ئەگینا ئەم کێشەیەش وەک دۆسیەی ١٧ی شوباتی لێدێ و زنجیرەیەک کۆبونەوەی تری چوارقۆڵی و پێنج قۆڵی تری بەدوادێت و  ڕەوشەکە بەگشتی ئاڵۆزتر دەبێت و کاریگەری نێگەتیڤانەی دەبێت بۆسەر پرۆسەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پێگەی حکومەتی هەرێم بێهێز دەکات لە هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانییەکان.